www.kurdistannet.org
25-1-2003 1:30

# جەستەی ژن. .
# شەرەفی پیاو و کاڵای کۆمپانیاکان!

مەهاباد قەرەداغی





کۆمەڵناسی کلاسیک جۆرج سیمیل، نزیکەی سەدەیەک پێش ئەمڕۆ سەبارەت بە کۆمەڵگەی نوێ، لە وتاری فەلسەفەی پارە The philosophy of Money دا، لە کاریگەری هەلامسانی ئابووری لە شێوەگرتنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان دەدوێ. بە پێی جۆرج سیمیل پەرەسەندنی ئابووری کۆمەڵگەی نوێ دەبێتە هۆی تا دێ زیاتر بە (شت) بوونی مرۆڤ. مرۆڤ هەر وەکو شت دەنرخێندرێت و ئەو پرۆسەیەش هەرەشە لە ژیانی زاتی مرۆڤ دەکات و کۆمەڵگە بەرەو بێرۆحی دەبات. گەشەسەندنی ئابووری ڕوویەکە لە ڕووەکانی گەشەسەندنی کلتووری مرۆڤ. خودی ئەو گەشەسەندنەش مرۆڤ لە کلتوورەکەی نامۆ دەکات. مەسرەفکردن دەبێتە سیمایەکی ڕۆژانەی بێ بەرنامەی مرۆڤ و پەرستنی شت دەبێتە ستیلی ژیان.

کۆمپانیا فرەرەگەزەکان بۆ گەشەدان بە سەرمایەی خۆیان و بۆ بینینی ڕۆڵی پێشەوایەتی و بە دەستهێنانی ناسنامەی پێشڕەو لە بواری بازاڕی جیهاندا سڵ لە هیچ جۆرە ئامرازێک بۆ گەیاندنیان بەو پایە ئابوورییە ناکەنەوە. ئامرازێکی هەرە کاریگەر بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی ئەو کۆمپانیایانە ئەو جۆرە ڕیکلامەیە کە کاریگەرییەکی دەروونی و هەستی لای هاولاتی بەجێدەهێڵێ. پسپۆرە دەروونییەکانی بواری ڕیکلام خاڵە بێهێزەکانی مرۆڤەکانی هەر کۆمەڵگەیەک دەخوێننەوە و لەسەر ئەو بناغەیە ڕیکلام بۆ کۆمپانیاکەیان دادەڕێژن.

غەریزەی سێکس، یەکێکە لە کاریگەرترین کایەکانی ڕیکلام بە دەستی پسپۆرە دەروونییەکانی ئەم بوارە وە، جەستەی ژن لەم پەیوەندییەدا بەکارهێنراوترین (شت) ێکە کە (شت) ەکانی کۆمپانیاکانیان لە بازاڕدا بۆ ساغ دەکاتەوە.

کاتێ جەستەی مرۆڤ لە مانا و بایەخە سرووشتییەکانی خۆی خاڵی دەکرێتەوە و دەکرێت بە (شت) ێک لە پێناوی شتە مادییەکانی تردا، ئەوسا مرۆڤ دەبێت بە پاشکۆیەکی شتەکان.

جەستەی مرۆڤ، کە بەڵگەی بوونێتی پێویستە ئازاد بێت و لە هەمان کاتیشدا بایەخی سروشتی خۆی ون نەکات. جەستەی ژن، لە هەردوو حاڵەتی نائاساییدا دەبێت بە شت و بە پاشکۆ. لە حاڵەتی نائاسایی کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، کە ژن لە بۆتەی ئامرازی سێکسی دەخزێندرێت و

دەكرێت بە (شەرەف) ی پیاوانی بنەماڵەكەی، هەروەها لە كۆمەڵگە مۆدێرنەكاندا كە جەستەی ژن دەكرێت بە كاڵایەک بۆ سەرفكردنی كاڵای كۆمپانیاكان.

لەو دوو دۆخە نائاساییەدا، چ وەک ئامرازێكی شەرەف و چ وەک كاڵای كۆمپانیاكان، ژن ناتوانێ بە جەوهەری مرۆڤبوونی خۆی شاد بێت و سروشتیبوونی خۆی دەدۆڕێنێ. جەستەی ژنێكی سروشتی نە دەبێ شەرەفی كەسێكی تر بێت و، نەش ئامرازێكی ریكلام. جەستەی ژنێكی سروشتی پێویستە جەستەیەكی داهێنەری ئازاد بێت، كە خودی ژن خۆی خاوەنی بێت نەک بنامەڵەكەی و نەک خاوەن كۆمپانیاكان. خۆی خاوەنی بێت و بەو ئاراستەیەش هەڵیسوڕێنێ كە لە پێناوی گەشەدان بە كەسایەتی و ستاتووی خۆی بێت و، ئامانجیشی گەیشتن بێت بە دۆخێكی ئاسایی مرۆڤانە. دۆخی ئاسایی مرۆڤانەش ئەو دۆخەیە كە ژن و پیاو، وەک دوو بوونەوەری سرووشتی و مێژوویی لە بەجێگەیاندنی ئەركەكان و لە پیادەكردنی مافەكانیاندا یەكسان بن و چەوساندنەوە لە ئارادا نەبێت.

هۆشیاربوونەوەی ژن و ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو جۆری شەپۆل ئەركێكی قورس، بەڵام پێویست و هەنووكەییە، شەپۆلی نەریتخوازەكان كە دەیانەوێ ژن بە پاشكۆیەتی بمێنێتەوە و بە هۆی چەمكی شەرەفەوە كە جەستەی ئەم كراوە بە سیمبوولی هەردەم لە دۆخی ناسروشتی و نامرۆڤبووندا بێت، شتێک بێت لە شتەكانی ئەویتری دەسەڵاتسەپێن و خاوەن، كە پیاوانی بنەماڵە و هۆز و تایفەكەیین. هەروەها شەپۆلی بازاڕخوازان، كە ژن دەكەن بە پاشكۆی شتە بەرهەمهێنراوەكانی كۆمپانیاكانیان و لە دۆخی مرۆڤبوون و سروشتیبوونی دووردەخەنەوە.

. . .

٢٠٠٣-١-٢٥

ستۆكهۆڵم

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ٢٠٠٣-١-١٥